# سەبارەت بە نیلۆفەری شین

**دیداری: زانیار محەممەد**

**هەفتەنامەی ئاوێنە: ٣ / ١٢ / ٢٠١٣**

***ونبوون پانتایی، هێڵی سەرەکیی کارەکەیە، کارەکتەرەکان، تەنانەت حیکایەتەکە، وڵاتی خۆراسان، لەنێو چارەنووسی ونبووندان، یان بزربوون، ئەم ونبوونە لەنێو خەیاڵدا ڕوودەدات، یان لەنێو نووسین، یان بەشی گرنگی واقیع خۆی، بەشە ونبووەکەیەتی؟**

_ تێکستەکە هەر لە بناخەوە ئیشکردنە لە سەر ونبوون و دابەشبوونی ونبوونە سەرەکییەکە. کە ڕووبەرێکە ناوی خۆراسانە و خەڵکەکەی پەنابەر و پەراگەندەی وڵاتانن، بەسەر چەندین ونبوونی تردا تا دەگاتە سەر ونبوونی زمان و شوناس و دەنگ و کارەکتەر و بیرچوونەوەی نووسین و تەنانەت زمانیش. لە ڕاستیدا هەر ئەوەشە تێکستەکە بەو ئاقارەدا دەبا کە هەر هەموو مەبەستەکەی من ببێتە ڕۆنانی گەمەیەک لە دوانەی ونبوون و شێواندن، لە دوانەی خۆحەشاردان و خۆدیتنەوە، کە هەر یەکەیان لە یەک کاتدا ئەویدیان تەواو دەکەن و یەکدیش دەسڕنەوە. لە ڕاستیدا لە قۆناخی دواتری تێکستەکەدا، ئیشی من هیچ نەبووە جگە لە چڕکردنەوەی ئەو ونبوون و خۆحەشاردانە، تا ئەو ئاستەی کە ئیتر گرینگ دۆزینەوەی هیچ

کام لە ونبوونە زۆرەکان نەبووە، هێندەی ئەوەی کە خودی ونبوونەکە لە ئاستی جۆراوجۆردا چڕ بکەمەوە. واتە هەوڵم داوە و گرینگ بووە بە لامەوە کە لەو فەزا موتوربە بە گەڕان و ونبوون و دۆزینەوەیەدا، هیچ شتێک نەدۆزرێتەوە، بەڵکو خودی نەدۆزینەوە، داینەمۆی مانەوەی کارەکتەرەکان و گوڕی گەڕانە بێهودەکانیان بێت بە دوای شتێکدا کە خۆیان نازانن یان لە بیریان دەچێتەوە چین. لە ڕاستیدا من خۆیشم بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆم لە تێکستەکەدا شاردۆتەوە. واتە نەمویستووە وەک کارەکتەر یان گێڕەرەوەی حەکایەتەکە دەربکەوم، بەڵکو تا هێندەی پێمکرابێ خۆم سڕیوەتەوە یان خۆم لە پۆشاکی تردا شاردۆتەوە.

***چۆن ناوت ناوە "حیکایەت"؟ مەبەستت لەحیکایەت چییە؟ تەنانەت نکوڵیت لەوە کردووە تۆ نووسەری سەرەکیو ڕاستەقینەی ئەم تێکستە بیتو ئاماژەت بەوە داوە تێکستەکەت نووسیوەتەوە، نەك نووسیبێتت، "وەك لەسەر بەرگی کتێبەکە هەیە"؟**

ــ ڕەنگە ئەوە تەنها هەر ناونانێک بێت و هیچی تر، واتە ناوی حەکایەتم لە ڕۆمان یان شتی تر پێخۆش تر بووبێ و زرینگەی لە گوێدا بۆ من خۆشتر بووبێ، دەشێ پێموابووبێ کە لە حەکایەتدا گێڕەوە دەتوانێ ئاسانتر بجووڵێ و زەریبەی زۆر لەسەر خەیاڵ و بونیادی کارەکتەر و ئاراستەکانی گێڕانەوەکان و هەر هەموو ئەو پێداویتسییە هونەرییانە نەبێت کە ڕۆمان و چیرۆکی هونەری، بە مانا ئەکادیمیی و مەکتەبییەکەی، پێویستی پێیەتی. لە هەمووشی گرینگتر بۆ من لە حەکایەتدا ئەوەیە، کە ڕووداوەکان دەگەنە

بن بەست و ئیتر هیچ شتێک نامێنێتەوە بگێڕدرێتەوە، بەڵام هێشتا گوێگران هەر چاوەڕێی شتی ترن و حەکایەتەکە نەیگەیاندوونەتە هیچ کوێ، ئەوسا حەکایەتخوان گەر لێزان بێت، دەتوانێ بە فێڵێک خۆی لە هەر هەموو ئەوە بدزێتەوە و سەرلەنوێ جڵەوی شتێک لە هەمان حەکایەت یان لە حەکایەتێکی تر بە دەستەوە بگرێتەوە و بە حەکایەتەکەی پێشوویەوە ببەستێ. ڕوو دەدا کە شەوێک لە شەوان بەر لە نووستن حەکایەتێک بۆ منالێک دەگێڕینەوە تا خەوی لێ بکەوێ، بەڵام حەکایەت تەواو دەبێ و ئەو هەر هێشتا خەو نەیبردووەتەوە و چاوەڕێی شتی تر لەو حەکایەتە و کارەکتەر و ڕووداوەکانی دەکا، ئێمەش ناچار لە خۆمانەوە و هەر بە شێوەیەکی ڕاگوزەریی دەکەوینە درێژکردنەوەی حەکایەتەکە، بەبێ ئەوەی بزانین دەگەینە کوێ و کەی و لە کوێدا کۆتایی پێ دەهێنین و چۆن دەتوانین لەبەردەم منالەکە و چاوەڕوانییەکانیدا ئیحراج نەبین کە بە درۆ نەکەوینەوە. لە ڕاستیدا دەشێ بیرۆکەی گێڕانەوە یان نووسینەوەی ئەم تێکستە لای من، هەر لە خەیاڵێکی لەو جۆرەوە هاتبێ.

***ئەوەی ئەم کتێبە کارەکتەرو ڕووداوی چڕو پڕی تێدا نییە، بەڵکو کارەکتەرەکان پتر لەنێو خەیاڵو خەونو ڕابوردووی خۆیاندا دەژین، پێتوانییە خوێنەری ئێمە، حەزی بەم چەشنە ئەدەبە نییە؟ بەڵام ئایا بۆ تۆ، خودی تێکستەکە گرنگە، یان خوێنەران؟**

_ خودی تێکستەکە گرینگە و خوێنەرانیش بۆ من هەر گرینگن، بەڵام دەکرێ بڵێم هەمیشە نوخبەیەکی دیاریکراو لە خوێنەران لەلای من گرینگ بوون بەدەر لە جیاوازی ئاستی بیرکردنەوە و سەلیقە و چێژوەرگرتنیان لە کارێکی ئەدەبیی. لە ڕاستیدا من لەم تێکستەدا تەنها حەزم کردووە شتێک بگێڕمەوە و ئیتر هەر هێندەش بنیادەم گێڕانەوە بیبات، ئیتر لە شتێکەوە، زەحمەت و قورس یان ئاسان و سووک، دەگلێت کە دەبێ تا کۆتایی شانی بداتە بەر، ئیتر چۆن دەکەوێتەوە و ناکەوێتەوە، ئەوەیان بۆ حەکایەتخوان زۆر گرینگ نییە، گەر حەکایەتخوان تەنها دوو سێ گوێگریشی لە دەور بمێنن، ئەو هەر لەسەر گێڕانەوەی خۆی بەردەوام دەبێت. پاشان دواجار ئەرکی من تەنها نووسینەوەی حەکایەتەکە بووە و هیچی تر.

بەڵام لە ڕاستیدا لێت ناشارمەوە پێچەوانەی مەزەندەی خۆم، لێرە و لەوێ بە گشتیی ڕای جوان لەسەر تێکستەکە تا ئاستی چێژوەرگرتن لێی دەبیستمەوە. دیارە من ئەوەم پێخۆشە، بەڵام خۆت دەزانیت هەمیشە پێخۆشبوونی نووسەران لە ڕای پۆزەتیڤی خوێنەرەکانیان، بەشێکی بارگاوییە بە دردۆنگیی و بەشەکەی تریشی شاندانە بەر بەرپرسیاری زیاتر و لە ئاست چاوەڕوانی زۆرتری خوێنەراندا بوونە.

***زمانی شیعری، کارەکتەری شیعری، چارەنووس‌و ڕووداوی شیعری تەواوی ئەم حیکایەتەیان پێکهێناوە. ئەمە ئەو جەبرە نییە، کە تۆ شاعیریت‌و تەنانەت ناتوانی لەکاتی نوسینی حیکایەتیشدا، لێی دەرچیت؟ یاخود ئەو خەسڵەتانە پێویستیی تێکستەکە سەپاندوویەتی؟**

_ بەڵێ ئەوە زۆر ڕاستە.... پێمخۆشە بەو جۆرە سەرنجتان داوە و خوێدووتانەتەوە. لە ڕاستیدا لە کاتی نووسینەوەی حەکایەتەکەدا، زۆر جار بۆ هەر کوێ دەچووم، هەر دەهاتمەوە لای شیعر، هەر چیم ڕۆدەنا، هەر لەسەر ڕووبەرێک لە شیعر و هەر بە توخم و کەرەستەکانی شیعر دروست دەبوون. تەنانەت چەند جارێک خەریک دەبوو شیعر جڵەوی تێکستەکەی بە دەستەوە دەگرت و بە ئاقاری تردا دەیبرد، کە لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر بردووشیەتی. بەڵام بە دیوێکی تردا ئەو شیعرییەتە بە جۆرێک لە جۆرەکان یارمەتی منی لەو شتەدا داوە کە ویستوومە بیگێڕمەوە، ڕزگاری کردووم لە هەندێک بۆشایی کە دەکەوتنە ناو تێکستەکەوە، دەستی خەیاڵی دەگرتم و هەندێک تووڵەڕێی بۆ خۆدەربازکردن لە بنبەست و وەڕزبوون بە دیار نووسینەوەیەوە بۆ دەدۆزیمەوە. بەڵام دواجار دەکرێ بڵێم تێکستەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر لەژێر هەژموونی شیعردایە تا ئاستێک کە شیعر داگیری کردووە، گەر نەڵێم تەنگی پێ هەڵچنیوە و حەکایەتی لە ناودا کوشتووە.

***مرۆڤ لەم حیکایەتەدا، سەنتراڵەو گەردوون‌و ڕووداوو شتەکان بەدەوریدا خولدەخۆن، لەکن تۆ بوونی مرۆڤ گرنگەو پاشان ڕووداوو ئەزموون‌و ژیان‌و چارەنووس، یان بەپێچەوانەوە؟**

ـ مرۆڤ سێنتراڵە بەڵام لەنێو سیستمێکی قەرەباڵخ و جەنجاڵ لە بێ شوناسیی و بێ ئینتیمایی و پەراگەندەیی و بزربوونێکی بێ سنووردا. مرۆڤ لێرەدا و لەنێو ئەو سیستیمەدا بوونەوەرێکی زۆر دەستوپێ سپییە، بەڵام هەمیشە وزەیەکی زۆری بۆ خۆشاردنەوە و جێهێشتن هەیە، ئەمەش سیفاتی گشتی هەموو کەسێکی پەنابەر و تاراوگەنشینە، بە تایبەتی ئەو پەنابەرانەی کە ناتوانن هاوڵاتی بوونی خۆیان بۆ جێگەیەک بسەلمێنن، هیچ کاخەز و دۆکیومێنتێکیان پێ نییە کە بزانرێ خەڵکی کوێ و چ وڵاتێکن. تەنانەت زۆر جار پەنابەر ناچار دەبێ ناو و ناسنامە و تەنانەت شێوەزارەکەی خۆی بگۆڕێ و دەسکاریی بکا و خۆی بکاتە کەسێکی تر. خۆی لە ڕاستیدا من لە سەرەتاوە دەمویست بە تەواوی خۆم بۆ ئەو مرۆڤە کە ناوی پەنابەرە، تەرخان بکەم و گێڕانەوەکە بە دەوری ئەو و کێشە هەنووکەییەکانیدا چڕ بکەمەوە، بەڵام دواتر شێواندنی حەکایەتەکەیم لە باسکردنی کێشەکانی بەلاوە گرینگ تر بوو، تا لانیکەم ئەوە بخەمە ڕوو کە شتێکی جەوهەری لەو مرۆڤەدا هەیە هەمیشە لەبەر مەترسی شێواندن و دەسکاری کردندایە، لەبەردەم خەتەری ونبوون و خۆشاردنەوە و پۆلیس و دەسەڵاتەکان بە لا ڕێ بردندایە، هیچ شتێک لەو دونیایەدا جێگەی متمانە نییە، تەنانەت متمانەی ئەو مرۆڤە بە خۆیشی، چ جای بگات بە متمانەی ئەوانی تر پێی.

***لۆژیکی تێدایە، خوێنەر چاوەڕوانی بەشی دیکە لەم حیکایەتەی بکات؟ یان ژی بەرهەمی دیکەی لەم چەشنەت دەبێت لەداهاتوودا؟**

_ بەڵێ لەوانەیە. ئەگەر دەرفەتی نووسینەوەی یان ڕاستتر بڵێم ئەگەر توانای گێڕانەوەیم هەبێت. چونکە بیرمان نەچێ ئەوەی تریان دەبێ گێڕانەوەی حەکایەتە ڕاستەکە بێت.